سیستەمی ڕاناو
لە بکەرنادیاری کرمانجیی ژووروودا

ئەم باسە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی
ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠١٣) دا بڵاوکراوەتەوە.

لە کرمانجیی ژووروودا دوو دەستە ڕاناوی جودا و یەک دەستە ڕاناوی لکاو (ڕ.ل) هەیە کە لەم نەخشەیەدا خراوەتە ڕوو:

		ڕاناوی جودا		ڕاناوی لکاو
ژمارە	کەس	A	B	
تاك	١	من	ئەز	م
	٢	تە	تو	ی
	٣	وی/ویێ	ئەو	×/ ت: ـەت[١]
کۆ	١	مە	ئەم	ین
	٢	وە	هوون	ن
	٣	وان	ئەوان	ن

ڕاناوە جوداکان ئەرکی بکەری و بەرکاری دەبینن بە پێی ئەم خشتەیە:

ئەرك	کاتی کار	
	ڕابردوو	داهاتوو
بکەر	A	B
بەرکار	B	A

ا – کار هەمیشە لەگەڵ دەستەی B دا لەکەس و ژمارەدا ڕێك دەکەوێ. واتا لە داهاتوودا لەگەڵ بکەر و لە ڕابردوودا لەگەڵ بکەردا. ئەمە بە سیستەمی ئێرگەتیڤی ناو دەبرێ.(٢)

ب – ڕاناوی کەسی ٣ت بۆ ڕابردوو هیچ فۆڕمێکی نییە (مۆڕفیمی سیفرە)و لە داهاتوودا بە (ت و ـەت) دەردەکەوێ.

ئەز وە دبین ـ م (داهاتوو ـ کار لەگەڵ بکەردا ڕێککەوتووە)
بکەر بەرکار کار ڕ.ل
B A

من هوون دیت ـ ن (ڕابردوو ـ کار لەگەڵ بەرکاردا ڕێککەوتووە)
بکەر بەرکار کار – ڕ.ل
A B

بۆ گوێزانەوەی ڕستە لە بکەردیارەوە بۆ نادیار:

١ – بکەر و ڕاناوی لکاوی بکەری لادەبرێ.

٢ – بەرکار جێی بکەر دەگرێ. لەبەر ئەوەی زمانی کوردی سەر بە تایپی SOV یە لەشوێنی خۆی دەمینێتەوە.

٣ – ئەگەر کاتی کارەکە داهاتوو بێت ، ڕاناوی بەرکاری لە دەستەی A یەوە دەبێ، بکرێ بە بکەر نادیار ، بە ڕاناوی بەرانبەری لە دەستەی B جێگیر دەکرێ و بەم جۆرە(٣):

A		B
من	دەبێتە	ئەز
تە		تو
وی/ وێ		ئەو
مە		ئەم

هوون			وه
ئەوان			وان

٤ – چاوگی کاری ڕستەکە وەردەگیرێ.

٥ – (هات – ـە) دەخرێتە پێش کارە بە چاوگکراوەکە.

٦ – کاتی کاری ڕستەکە دەکرێتە بەرکاری (هات).

٧ – بە پێی کەس و ژمارەی بکەرە تازەکە (بەرکارە بە بکەربووەکە) ڕاناوێکی لکاو دەخرێتە سەر کاری (هات).

لە ڕستەی :

هوون مە دناسن.

هوون: بکەرە سەر بە کۆمەڵی B یە.

مە : بەرکارە سەر بە کۆمەڵی A یە.

د : نیشانەی ئەسپێکتە.

ناس : کارە کاتەکەی داهاتووە.

ن : ڕاناوی لکاوی ڕێکەوتنە لەگەڵ بکەردا.

کە دەگوێزرێتە نادیاری:

١ – بکەر (هوون) کە سەر بە دەستەی B یە و ڕاناوی ڕێکەوتنی بکەری (ن) لادەبرێن .

(X) مە دناس ـ X

٢ – بەرکار جێی بکەر دەگرێ.

٣ – بەرکار لە دەستەی A یە ، بە ڕاناوی بەرانبەری لە دەستەی B جێگیر دەکرێ.(مە) دەبێتە (ئەم):

ئەم دناسـ ـ

٣ – چاوگی کاری ڕستەکە وەردەگیرێ . لێرە (ناسین) ـە.

ئەم (ناسین)

٤ – (هات ـ ـە) دەخرێتە پێش کارە بە چاوگبووەکە.

ئەم (هات ـ ـە) (ناسین)

٥ – کاتی کاری ڕستەکە دەکرێتە بەرکاری (هات). لێرە کاتەکە داهاتووە (هات) دەبێتە (دهێـ)

ئەم (دهێـ ـ ـە) (ناسین)

٦ – بە پێی کەس و ژمارەی بکەرە تازەکە (بەرکارە بە بکەربووەکە) ڕاناوێکی لکاو دەخرێتە سەر کاری (دهێـ). لەم ڕستەیەدا ، بەرکارە بە بکەربووەکە (ئەم) لە کەسی یەکەمی کۆدایە. ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ (ین) ـە. دەچێتە سەر (دهێـ):

ئەم (دهێـ (ین) ـ ـە) (ناسین)

ڕستەکە لە ئەنجاما دەبێتە:

ئەم دهێینە ناسین.

لە ڕستەی :

وێ ئەز دیتم.

وێ : بکەرە سەر بە کۆمەڵی A یە.

ئەز : بەرکارە سەر بە کۆمەڵی B یە.

دیت – کارە کاتەکەی ڕابردووە.

م : ڕاناوی لکاوی ڕێکەوتنە لەگەڵ بەرکاردا.

کە دەگوێزرێتە نادیاری:

١ – بکەر (وێ) لادەبرێ . راناوی لکاوی بکەریی ریکەوتنی نییە تا لابرێ.

(X) ئەز دیتـ ـ م

٢ – بەرکار جێی بکەر دەگرێ.

ئەز دیتـ ـ م

٣ – بەرکار لە دەستەی B یەوەیە ، وەك خۆی دەمینێ.

٣ – چاوگی کاری ڕستەکە وەردەگیرێ . لێرە (دیتن) ـە.

ئەز (دیتن) ـ م

٤ – (هات ـ ـه) دەخرێتە پێش کارە بە چاوگبووەکە.

ئەز (هات ـ ـه) (دیتن) ـ م

٥ – کاتی کاری ڕستەکە دەکرێتە بەر کاری (هات).لێرە کاتەکە ڕابردووە (هات) وەك خۆی دەمینێتەوە.

٦ – بە پێی کەس و ژمارەی بکەرە تازەکە (بەرکارە بە بکەربووەکە) ڕاناوێکی لکاو دەخرێتە سەر کاری (هات). لەم ڕستەیەدا ڕێکەوتن لەنێوان بەرکار و کاردا بوو بۆیە هەر ڕاناوە لکاوەکە خۆی دەچێتە سەر ڕەگی (هات).

ئەز (هات ـ (م) ـ ـه) (دیتن) ـ

ڕستەکە لە ئەنجاما دەبێتە:

ئەز هاتمە دیتن.

پەراوێزەکان

١ – لەگەڵ کاتی ڕابردوودا کەسی سێیەمی تاك قاڵبی بینراوی نییە.(X) نیشانەیە بۆ نەبوونی شێوە (مۆرفیمی سیفر).

٢ – یەکەم جار ئەم دیاردەیەی ڕێزمانی کوردی و دەرخستنی ئەوە کە کرمانجیی ژووروو سەر بە سیستەمی ئێرگەتیڤیە لە ساڵی ١٩٧٩ بوو . سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن (ل ١٣٥ – ١٣٩)

Amin, W.O.(1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. London University. 2nd .Reprinted by Kurdish Academy 2011.

٣ – سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (١٩٨٨) گۆڕانی ڕاناو لە بکەرنادیاری کرمانجیی ژووروو. ڕۆژنامەی هاوکاری ژ ١٠٣٢ ی ١٩٨٨/١/٥.

سەرچاوەکان

Amin, W.O.(1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. London University. 2nd publication by Kurdish Academy 2011.Publishing series No.114.

Bakaev, Ch.(1973) yazik Kurdov. SSR. Moscow.

Kurdoev, K.(1978) Gramatika Kurdiskava yazika. Moscow.

Mackenzie, D.(1961) Kurdish Dialect Studies – I. London

وریا عومەر ئەمین (١٩٨٨) گۆڕانی ڕاناو لە بکەرنادیاری کرمانجیی ژووروو. ڕۆژنامەی هاوکاری ژ ١٠٣٢ ی ١٩٨٨/١/٥.

__________(١٩٨٩) ڕاناو لە بکەر نادیاری کرمانجیی ژووروو. ڕۆژنامەی هاوکاری ژ ١٠٤٦ی ١٩٨٩/١/٣٠.

__________(١٩٩٠) ڕێزمانی ڕاناو لە کرمانجیی ژوورووودا. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد. ژ٢١ ل ٢٥٢ – ٢٦٢.

__________(١٩٩١) ڕاناوی بەرکاری لە بکەر نادیاردا. ڕۆژنامەی العراق ژ ٤٦٤٧ ی ١٩٩١/٤/٣٠.

ملخص البحث

نظام الضمير في جملة المبني للمجهول في الكردية الشمالية

اللغة الكردية الشمالية تابعة للنظام الاركتيفيتى . حيث يتوافق فيها الفعل مع المفعول به في الزمن الماضي. فيها مجموعتان من الضمائر المنفصلة . وهما مجموعة A (**من – ته – وى / وێ – مه – وه – وان**) ومجموعة B (**ئەز – تو – ئەو – ئەم – هوون – ئەوان**) ومجموعة واحدة من الضمائر المتصلة وهي (**م – ى – ت / ەت – ين – ن – ن**). يتفق الفعل مع مجموعة **B** سواء ظهرت كفاعل أو مفعول. وظائف الضمائر المنفصلة موضحة في هذا الجدول:

الدور	زمن الفعل	
	ماضى	مضارع
فاعل	A	B
مفعول	B	A

عند تحويل جملة المبني للمعلوم إلى مبني للمجهول يحدث تبادل بين الضمائر المنفصلة بقواعد معقدة ومنظمة. هذا البحث محاولة لتحديد تلك النظم.

Abstract

The System of the pronouns in the passive of Northern Kurdish

Northern Kurdish belongs to the Ergative system of languages, In which the verb agrees with the object NP in number and person in the past tense. Two sets of the independent personal pronouns are recognized Set (A) **(min – te – wi:/ we – me – we - wan)** and set (B) **(ez – tu – ew – em – hu:n – ewa:n)** and one set of personal suffixes **(m – i: - t/et - i:n – n – n)**.The task of the personal suffixes is to express the agreement between the subject and object NPs with the verb. The verb always agrees with the set **(B)** whether it occures as a subject or as an object.

The functions of the independent pronouns are shown in the following table:

Function	Tense	
	Past	Present
Subject	A	B
Object	B	A

In transferring an active sentence, in which the subject and the object are expressed in independent pronouns, to passive, the pronouns exchange their sets by complex grammatical rules.

This paper is an attempt to show this linguistic phenomena that occurs in northern Kurdish and specify the rules that perform this aspect.